## « هەڵسەنگاندنی کتێبی "سەروا: لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەراوردکارییە لە شیعری کوردیدا" بەرهەمی دوکتۆر عەزیز گەردی»



دوکتۆر فەرەنگیس قادری
(زانکۆی ئێگزێتێری بەریتانیا)

---

**سەروا: لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەراوردکارییە لە شیعری کوردیدا، دوکتۆر عەزیز گەردی، دەزگای ئاراس، هەولێر ١٩٩٩، ٣٧٢ لاپەڕە.**




**ISBN: 978-964-185-55-4**

کتێبی سەروا کە نامەی دوکتورای عەزیز گەردییە، لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنێکی فراوانی سەروا یان قافیەیە لە شیعری کوردی لە سەرەتاوە تا سەدەی بیستەم. عەزیز گەردی ڕەخنەگر و نووسەرێکی زۆر وردەکاری کارایە کە  فراوانی و قووڵایی کارەکانی لە زۆربەی ڕەخنەگرانی کورد جیاوازی دەکات.

www.kurdishbookhouse.com

سەروا بەرهەمی ماندووبوونی چەندین ساڵە و لێکۆڵینەوەی وردی دیوانی زیاتر لە ٦٤ شاعیری کلاسیك و نوێیە لە هەر سێ زاراوەی سۆرانی، کرمانجی، و هەورامیدا. ئەگەرچی ڕێژەی شاعیرانی سۆرانی لە لێکۆڵینەوەکەدا زۆرترە، بەڵام هێشتا بە بەراورد لە گەڵ بەرهەمی دیکەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، چ بە سۆرانی و چ بە کرمانجی، یەکێك لە فراوانترین بەرهەمەکانە لە ڕووی گرینگی دان بە ئەدەبی کوردی بە زاراوە جیاوازەکان. لە گەڵ تێپەڕبوونی شانزە ساڵ لە بڵاوبوونەوەی، سەروا بەردەوام گرنگترین سەرچاوەی لێکۆڵینەوەی سەروای کوردی بووە. بەداخەوە سەروا دووبارە چاپ نەبووەتەوە و هەرئەوەش وای کردووە دەست خستنی کارێکی زەحمەت بێت.

لە کوردیدا زۆر کەم لە سەر سەروا نووسراوە، بۆیە کتێبی سەروا وەکوو یەکەم هەنگاوی زانستییانە بۆ ناسینی سەروای کوردی و ڕۆڵی لە هەڵبەستی کوردیدا، بۆشاییەکی گەورەی لە دیراساتی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی پڕ کردوەتەوە. هەروا بە دەرخستنی وردەکارییەکانی سەروای کوردی دەرفەتی پێداچوونەوە و ساغ کردنەوەی دیوانی شاعیرانی کلاسیکی دروست کردووە کە زۆرجار بە هۆی ناشارەزایی ئەو کەسانەی دیوانەکانیان چاپ کردووە پڕن لە هەڵەی ڕەوانبێژی. گەردی پێویستیی پێداچوونەوەی دیوانە شێعرییەکان وەکوو یەکێك لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی سەروا ناو دەبات، هەرچەند بەداخەوە هەتاکوو ئێستا ئەم مەسەلە زۆر سەرنجی ڕەخنەگری کوردی ڕانەکێشاوە.

کتێبەکە لە چوار بەش پێك دێت: بەشی یەکەم وەکوو زۆربەی لێکۆڵینەوەکان لە باشووری کوردستان پێناسەی گشتیی بابەتەکە، واتە سەروایە، لە شیعری جیهانیدا کە زیاتر زانیاریی گشتییە و بەشی دووهەم دێتە سەر ڕەگەزەکانی سەروای شیعری کوردی و سەروا لە ئاستی دەنگ و وشە. بەشی سێهەم چۆنییەتی دابەشبوونی سەروا لە دێڕ و جۆرە شیعرییەکاندا، وەکوو قیتعە و



www.kurdishbookhouse.com

غەزەڵ و قەسیدە، باس دەکات و لە بەشی چوارەم نووسەر هەوڵی نیشاندانی پەیوەندی نێوان سەرواناسی و ڕەوانبێژی دەدا و کەم و کورتییەکانی سەروای شیعری کوردی و هۆی ڕوودانیان ڕوون دەکاتەوە.

لە دەستپێکی کتێب گەردی ئاماژەیەکی ڕەخنەییانە بەو بەرهەمانە دەکات کە پێش ئەو لە سەر سەروا نووسراون و هەڵەکانیان نیشیان دەدات. بۆ نموونە، ئاماژە بە کتێبی ئەنجومەنی ئەدیبانی ئەمین فەیزی (١٩٢٠) دەکات کە لە باسی مەولەوی بەکارهێنانی سەروای موتەناوب بە جێگەی سەروای مەسنەوی لە قیتعەیەکدا لە گەڵ شیعری" فەڕەنگ"ی بەراوەرد دەکات، و چونکە دڵنیایە مەولەوی نموونەی وای لە کەس نەدیوە بە "حوسنی تەبیعەتی" شاعیری گرێ دەدات. گەردی، لێکدانەوەکەی فەیزی، کە لە زۆربەی سەرچاوەکان لە سەر مەولەوی دووپات بووەتەوە، ڕەد دەکاتەوە و نیشانی دەدات کە هۆکاری ئەو جۆرە سەروایە "ناچاری" و "قافیە تەنگی" بووە، نەك لاساکردنەوەی شیعری فەڕەنگی یان حوسنی تەبیعەتی (ل ١٢). گەردی بە دروستی گرفتی گەورە لە لێکۆڵینەوەکەیدا نەبوونی لێکۆڵینەوەی زانستی پێشوو، و لە نەتیجە، نەبوونی زاراوەی تایبەت بە سەروا دەزانێت، بۆیە ناچار دەبێت لە بە کارهێنانی زاراوەی عەرەبی، فارسی و ئەورووپی (ل ١١). نووسەر لە دەستپێك کۆمەڵێك زانیاری گرینگ سەبارەت بە وشەی سەروا، و زاراوە هاوماناکانی (وەکوو "قافیە" و "دواخشت" و ... هتد)، و مێژووی بەکارهێنانیان لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەخاتە ڕوو. هەروەها بە کورتی مانای سەروا لای شێخ نووری، سەجادی، و خەزنەدار، و ڕیشەی بۆچوونەکەیان ڕوون دەکاتەوە.

لە بەشی یەکەمی کتێبەکە، نووسەر باسی ئەرکی سەروا لە شیعر و زەرووڕەتی بوون یان نەبوونی دەکات. لەم بەشەدا گەردی شارەزاییەکی ورد لە سەر سەروا

www.kurdishbookhouse.com

لە شیعری عەرەبی و فارسی و ئەوەی لە سەر سەروا بەم زمانانە نووسراوە نیشان دەدات و تێبینییەکانی بە ئاماژە پێدان بە سەرچاوەی عەرەبی، فارسی، و تەنانەت ئینگلیزییش، دەوڵەمەند دەکات. بەمەش کتێبی سەروا نە تەنیا دەبێت بە مەرجەعێکی گرینگ لە سەر سەروای کوردی، بەڵکوو دەبێت بە مەرجەعێکی گرینگ لە سەر سەروا بە زمانی کوردی. هەر لەم بەشەدا نووسەر زانیارییەکی گشتی لە سەر سەروا لە ئەدەبی لاتینی، ئینگلیزی، فەرەنسی، فارسی، عەرەبی، عیبری، و سریانی پێشکەش دەکات. تایبەتمەندییەکی گرینگی گەردی ئەوەیە کە بە بەڵگە قسە دەکات وەھر بۆچوونێك تاقی دەکاتەوە. بۆ نموونە لەم بەشەدا کاتێك پێوەندی سەروا (بە تایبەت ڕەوی) بە کێشی شیعرەوە تاوتوێ دەکات، "زانستیترین شێوازی" دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە بە دەرخستنی جەدوەلێکی فراوان لە سەر هەموو شیعری کوردی دەزانێت، بەڵام چونکە ئەوە لە بەر زۆری بەرهەم زەحمەتە، لە ئاستی تاکە شاعیرێك (لە نالی دا) ئەنجامی دەدات (ل ٥٦-٥٧). لەو جەدوەلە گەردی دەری دەخات کە نالی تەنیا ٧ کێشی بەکارهێناوە، کە چواریان (تەویل، ڕەجەز، موجتەس، بەسیت) هەرکام تەنیا یەك هۆنراوەیان پێ داڕێژراوە و هەزەج، ڕەمەڵ، و موزاریع زۆرترین ڕێژەیان هەیە.

هەروەها لە جەدوەلەکە ڕێژەی بەکارهێنانی ڕەوی جیاجیا لە سێ کێشی سەرەکییەکە دەخاتە روو. لە کتێبی سەروا چەندەها جەدوەلی وای تێدایە کە ئامادەکردنی هەرکامیان ماندووبوونێکی زۆری پێویستە. تاقەت و وردبینی وا لە بەرهەمی هیچ نووسەر و ڕەخنەگرێکی تری کورد نابینرێت.

لە کۆتایی بەشی یەکەم گەردی جۆرەکانی سەروا دەست نیشان دەکات و وردەکارییەکی زۆر دەنوێنێت (ل ٨٠-١٠٨). سەروا دەتوانێت لە روانگەی ئاسۆیی و لایەنی وشەیی (سەروای سەربەخۆ، مووردەدەف، مەحجووب، مەحجووب مووردەدەف)، بە پێی ژمارەی سەروا لە ئاستی ئاسۆییدا (تاك سەروا،

www.kurdishbookhouse.com

جووت سەروا، سەروای سیيانە)، بە پێی شوێينی ئاسۆیی وشەكانی سەروا لە كشانی دێڕە شیعر (سەروای كۆتایی، ناوەوە و سەرەتا)، یان لایەنی دەنگ (بە پێی دوا دەنگی سەروا، مەودای دەنگەکان، جۆری دەنگەكانی سەروا، دەنگەكانی پێش ڕەوی، و كێشی زەرب) دابەش بكرێت. هەركام لەم ئاستانە دیسان جۆری جیاجیایان هەیە كە گەردی بە نموونە روونیان دەكاتەوە.

بەشی دووهەمی کتێب لێکۆڵینەوەی سنوور و رەگەزەكانی سەروای شیعری كوردییە كە لە سێ بەشی دەنگەكانی سەروا، وشەكانی سەروا، تێكەڵ بوونی كۆتاییەكان پێك دێت. لە كوردیدا سەروا بەبێ هەبوونی بزوێنێك یان دوان دروست نابێ، بەڵام بزوێنی درێژ دەتوانێت بە تەنیا ئەركی سەروا ببینێت و ببێ بە "رەوی" (ل ١١١). رەوی "دوا دەنگی بنچینەیی وشەی ڕەسەنی سەروایە و هۆنراوەی لە سەر بنیات دەنرێ ... وەكوو هۆنراوەی دالی و میمی و نوونی و ..." (ل ١١٢-١١٣). رەوی لە كوردیدا كۆمەڵێك مەرجی هەیە كە گەردی شییان دەكاتەوە (هەمان لاپەڕە). رەوی دەتوانێت بزوێن (ا، ێ، ۆ،وو، وێ) یان نەبزوێن بێت و گەردی بە نموونە هەموو جۆرەكانی نیشان دەدات. گەردی نەتیجەی لێكۆڵینەوەكەی لە سەر رێژەی بەكارهێنانی دەنگەكان (٣٧ دەنگ) لە دیوانی ٦٤ شاعیری كلاسیك لە جەدوەلێك پێشكەش دەكات (ل ١٢٦) كە زۆر سەرنجڕاكێشە. گەردی نیشانی دەدات كە مەحوی بە بەكارهێنانی ٣١ رەوی جۆراجۆر پلەی یەكەمی لە ناو شاعیران هەیە و مەستوورە بە ٢ رەوی ئاخرین. دەنگەكانی (ن، ر، ا) زۆرترین رێژەی بەكارهێنان هەیە و (پ،ث، ئ) كەمترین رێژە. هەروەها نیشانی دەدات كە رێژەی بەكارهێنانی ئەو دەنگانەی تایبەتی كوردین (گ، پ، چ، ژ، ڤ) زۆر كەمە. نووسەر لە بەردەوامی لێكۆڵینەوەكەیدا تایبەتمەندییەكانی "پێش رەوی" و "پاش رەوی" پێش سەروا (حاجب)" و "پاش

سەروا (رەدیف)" و جۆرەکانیان دەخاتە بەرباس. پاش سەروا (رەدیف) کە دووبارەکردنەوەی وشەیەکە وەکوو خۆی لە کۆتایی دێڕە شیعرییەکان لە شیعری کوردی وەکوو شیعری فارسی تایبەتمەندییەکی دیارە، بەڵام لە عەرەبی نەبووە (ل ١٦١-١٦٢).

بەشی سێهەمی کتێبەکە دابەشبوونی سەروای شیعری کوردی تاوتوێ دەکات و کۆمەڵێك زانیاری گرینگ سەبارەت بە جۆرەکانی هۆنراوەی کوردی و تایبەتمەندییان لە روانگەی سەرواوە دەخاتە روو. نووسەر هەموو جۆرەکانی سەروا لە تاك، سێیینە، چوارینە، پێنجینە، شەشینە، حەوتینە، هەشتینە، نۆیینە، دەیینە، قیتعە، غەزەڵ، قەسیدە، تەرجیع بەند، تەرکیب بەند، موستەزاد، تەسمیت، و موەششەح باس دەکات و هاوکات زانیاریی گرینگ لە سەر هەرکامیان پیشان دەدات. بۆ نموونە پیشانی دەدات کە لە بەرهەمی ٢٨ شاعیری کلاسیکی ٣٠٩ تاك هەیە کە شێخ رەزا بە ١٠٢ تاك زۆرترین بەرهەمی تاکی هەیە و سەیدی، نالی، زیوەر ومەحوی هەر کام بە یەك تاك کەمترین (ل ١٩٦). کتێبی سەروا مەعدەنێك لە زانیاری وا وردی تێدایە کە دەتوانێت دەستپێکی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی زۆر گرینگ بێت لە ئەدەبی کوردیدا. هەر لەم بەشەدا گەردی کۆمەڵێك زانیاریی زۆر گرینگ لە سەر غەزەڵی خۆماڵیی کوردی بە زاری هەورامی دەخاتە ڕوو کە زۆر جێگەی سەرنجن. بۆ نموونە لە ئەنجامی لێکدانەوە دیوانی ١٠ شاعیری هەورامی، و پیشاندانی ئەنجامەکانی لە جەدوەلێك، نیشانی دەدات کە لە غەزەڵی هەورامی دێڕی یەکەم و دووەم هاوسەروان (ل ٢٧٣-٢٧٤).

لە بەشی چوارەم، کە بەشی کۆتایی کتێبی سەروایە، گەردی رۆڵی سەروا لە جوانکاریی و رەوانبێژی شیعری کوردی دەخاتە بەرباس و جۆرەکانی جوانکاری سەروا بە نموونە و وردەکارییەکان نیشان دەدات. لە باسی جوانکاریی سەروا

www.kurdishbookhouse.com

١١ جۆری جوانکاریی وەکوو "سەروای ئەڵقەبەند"، "سەروای چوارگۆشەیی"، "سەروای وشەبڕ"، و ... هتد شی دەکاتەوە. گەردی هەروەها نیشانی دەدات کە "شاعیرانی کورد لە مامەڵەکردندا لەگەڵ سەروا هەریەکی مۆرکی خۆی هەیە" و تایبەتمەندیی خۆیان لە پەیڕەوکردنی لایەنێکی هونەری سەروادا هەیە (ل ٣٥٥). بۆ نموونە جزیری لە "تەشتیر" و "سەروای ناوەوە" و بەکارهێنانی "سەروای وشەبڕ"، سالم لە هونەری "تکریر" و "ذوقافیتین"، و شێخ نووری لە داهێنانی قالبی "موستەزاد" و "ئۆپەرێت" جوانکاریی تایبەتیان هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە (ل ٣١٣-٣٢٥).

گەردی ئەم بەشە بە شرۆڤە کردنی کەم و کورتییەکانی سەروای شیعری کوردی و هۆکارەکانی تەواو دەکات و دوو جۆرە کەم و کورتی باس دەکات: "کەم و کورتی دەنگ و ئاوازی سەروا"، و "کەم و کورتی زمانەوانی و فەرهەنگیی سەروا" (ل ٣٢٦-٣٤٩). ئەوەی زۆر سەرنجراکێشە لەم بەشەدا گەردی هەوڵی دەرخستنی هەموو کەم و کورتییەکانی سەروای لە شیعری شاعیرانی کورد بە هەر سێ زاراوە داوە. بۆ نموونە لە کەم و کورتییەکانی دەنگ وەکوو گۆڕانی دەنگی ڕەوی هەموو ئەو حاڵەتانەی لە شیعری کوردی پێش هاتووە کۆکردووەتەوە. بەمەش یارمەتی خوێندکار و ڕەخنەکار دەدات کە بە چاوێکی تیژترەوە شیعر بخوێنێتەوە و لە گەڵ نرخاندنی تایبەتمەندییەکانی شاعیرانی کورد کەم و کوڕییەکانیشیان هەڵسەنگێنێت.

www.kurdishbookhouse.com

این متن به صورت اختصاصی جهت انتشار در سایت خانه کتاب کُردی به نگارش درآمده است و هر نوع بازنشر آن با ذکر منبع «سایت خانه کتاب کردی مجاز می باشد.

Website: www.kurdishbookhouse.com

Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse